# سیناریۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق و ئاکامەکانی !

تاهیر حەسەن
Tahirhassan1@yahoo.com

***سیناریۆی هەڵبژاردن:***

سەرئەنجام دوای بەڕێخستنی کەم وێنەترین بۆمبابارانی ڕاگەیاندن لە دنیادا, دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا سیناریۆیەك کە ناوی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی حکومەتی ئایندەو هەمیشەیی عێراقی لەسەر دانابوو,بەڕێوەی برد. ئەحزاب و دەستەوتاقمی لایەنگری ئەمریکا بە عەرەب و کورد ودینیەوە هەموو لەم هەڵمەتەدا بۆ قانعکردنی خەڵکی کە بێنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و پەنجەمۆری خۆیان بخەنە سەر پڕۆژەکەی ئەمریکا هەرچیەك لە دەستیان هات کردیان. وەبیر هێنانەوەی کارو کردەوەکانی ڕژێمی دڕندەی بەعس لە 35 ساڵی دەسەلآتدارەتی ڕەشیدا, زەلآتەی هەمیشەیی سەر سفرەی ڕاگەیاندنەکان بوو.

(دەنگ بدە , با ئەمنیەت بۆ ژیانی خۆت و منداڵەکانت دابین بێت !. دەنگ بدە وئایندەی ژیانت مسۆگەر کە!. دەنگت ئایندەیەو مەیفەوتێنە!. دەنگ بدە, با قورسایی کورد لە پەرلەمانی ئایندەی عێراقدا بەهێز بێت!. دەنگ بدە, با قورسایی ئیسلامیەکان لە دەسەلآتدا لاواز بێت!. هەر کەسێك دەنگ نەدات بەرامبەر بە کۆمەڵگا نامەسئولەو دەچێتە خانەی ئیسلامی بن لادنی و لایەنگرانی ڕژێمی بەعسەوە!......) ئەمانە ئەو ڕاگەیاندنانە بوو کە لەمەزادخانەی سیناریۆی هەڵبژاردندا هەڕاج دەکران, بەبێ ئەوەی تەنیا یەك ووشەش بەخەڵك بڵێن کە چۆن هەموو ئەو شتانە لەبەشداریکردنی خەڵکدا بەدی دێت و چۆن بەشداری نەکردنی خەڵك خەم ساردی وبێ مەسئولیەتیان لەبەرامبەر ژیانی خۆیان وکۆمەڵگاکەیاندا نیشان دەدا!.

هەر جۆرێك بێت دوای خەرجکردنی چەند سەد ملیۆن دۆلار بۆ نابووتکردنی بیرکردنەوەی ئینسانەکان سەرئەنجام توانیان لەسەدا چەندێکی خەڵك بکێشنە بەردەم سندۆقەکانی دەنگدان ونمایشی سیناریۆی هەڵبژاردن بەئەنجام بگەینن.

بەلآم نە ئەوسیناریۆیەی کە بەڕێوەبرا بەپێی لایەنی کەمی ستانداردی هەڵبژاردن لە دنیادا هەڵبژاردن بوو, نە ئەوانەش کە سبەینێ دەردەچن نوێنەری تەنانەت ئەوانەشن کە دەنگیان خستە پاڵ ئەم پڕۆژەیەو دەنگیاندا!. لە ئیستراتیژی تازە داهێنراوی ئەمریکادا, هەڵبژاردن تەنانەت بەمانا بۆرژاییە غەربیەکەشی کە جێگای بێزاری خەڵکی وولآتانی غەربەو ئومێدێکیان پێی نیەو لەهەر دەورەیەکدا نیوەی خەڵك بەشداری تێدا ناکەن, شمولی خەڵکی شەرق ناکات!. لەم هەڵبژاردنەدا کاندیداکان ناوو دەموچاو و تایبەتمەندیان کە وەك دەڵێن ئایندەی ژیانیان دیاری دەکەن و سبەینێ وەك هەڵبژێردراوی ئەوان قسە دەکەن, دیار نەبوو !.تا چەند سەعاتێك پێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن شوێنی سندوقەکانی دەنگدان نهێنی بوو!.لێرە فەرزی دەنگەکان گرنگ نیە, چونکە بەر لەهەڵبژاردن نەتیجەکەی  دیاری کراوەو ئەوەی کە پێی دەڵێن کورسیەکانی پەرلەمان, پێشتر دابەشکراوە !. لێرە ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئاشنابوونی خەڵك بە پلاتفۆرم وسیاسەتەکانی ئەحزابی سیاسی, کە چوونەتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کە وەك نۆرمێکی تا ئێستا لە هەڵبژاردن لە دنیادا بەحساب دێت, پێویست نیە !,چونکە نە ئەو دەورو دوکانە کە ئەمریکا دیاریکردوون سیاسەت وپلاتفۆرمیان هەیە ونە قەراریشە خەڵکی دەنگ بەوانە بدەن !. هەر چەند مەترێك لەولای سندوقەکانی دەنگدانەوە مووشەکی فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا زەویان دەکێلآو, سەیارەی بەمین چێنراو گیان وجەستەی ئینسانی بێتاوانی دەبرد بەهەوادا. لێرە دەنگدانی ئینسانەکان بە ناسنامەی ئینسانی خۆیانەوە نیە, تەنانەت بە ناسنامەی هاوولآتی بوونیشیانەوە نیە, ئەو خەڵکە وەك ئینسان نەچوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان, ئەوخەڵکە وەك هاوولآتی ودانیشتوانی عێراق نەچوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان!, بەڵکو وەك و عەرەب ,کورد , تورکمان ,سوونە, شیعە دەنگیان دا!.ئەمە لەگەڵ سەرەتاییترین بیروباوەڕی ئینسانیدا دوژمنایەتی هەیە. ئەمەیە مژدەی پڕۆژەی  ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستی گەورە کە قەرارە عێراق دەروازەی باهۆزە دیموکراسیەکەی بێت و ناوچەکە بگرێتەوە !.

ئەمە کاریکاتۆرێکی گاڵتەجاڕانەیەو هیچ شەرعیەتێکی نیەو دەبێ بکەوێتە بەردەم ناڕازایەتی قووڵی هەر ئینسانێك کە دڵی بۆ ئازادی وخۆشکوزەرانی خەڵکی عێراق لێدەدا.

***ئامانجی ئەمریکا لە سیناریۆی هەڵبژاردندا!***

ئەگەر کەسێك لەسەر ئەو باوەڕە بێت ,کە دوای سیناریۆی هەڵبژاردن, ئەو هێزانەی چوونە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە ,وەك هەر وولآتێکی تری دنیا بە پێی دەنگەکانیان حکومەتێکی متمرکز بۆ ئایندەی عێراق (جا هەرجۆرە حکومەتێك) بێت ,دادەمەزرێنن وپێکەوە دەسەلآتدارەتی هاوبەش لە عێراقدا بەڕێوە دەبەن و هەر لایەنە هەوڵدەدات لە ڕێگای فراکسیۆنەکەیەوە لە پەرلەمانی عێراقدا سۆراغی بەرنامەو پڕۆژەکانی خۆی بکات و هاوکێشەکانی دەسەلآتدارەتی بە دەنگدانی زۆرینەو کەمینە لەوێ دەبڕێننەوە, تەنیا ساویلکەیی ونامۆیی خۆی بەوەی کە ئێستا لەعێراقدا دەگوزەرێ بەیان دەکات. دەنگدان وهەڵبژاردن تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکیشدا کە پایەکانی دەوڵەت وەك ئێستای عێراق بە تەواوی لەبەریەك هەڵنەوەشابێتەوە وکۆمەڵگە ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێوەبەرێ, هەرگیز بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی نیە کە کۆمەڵگە دەرگیریەتی,بەڵکو هەڵبژاردن تەنیا دەتوانێ ڕەنگدانەوەی واقعیەتی بالآنسی هێزە دەرگیرەکانی کۆمەڵگە بێت وقانوونیەت و شەرعیەت دەدا بەوانەی کە سایەیان

لەسەر کۆمەڵگە, جا بەباش یان بەخراپ هەیە . سیناریۆی هەڵبژاردن بەڕێوە بچێ یان نا, لەپشتی هەراوهوریای ڕاگەیاندنەکانی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاو ئەحزابی دەستوپێوەند و میدیاکانی درۆهەڵبەستنیانەوە, ,واقعیەت جۆرێکی ترەو بە هیچ شتێك قابیلی شاردنەوە نیە. لەئاکامی جەنگێکی ماڵوێرانکەردا کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لەسەرو ئیرادەی تەواوی ئینسانە ناڕازیەکانی دنیاوە,بەسەر خەڵکی عێراقدا دایسەپاندو شیرازەی کۆمەڵگای لەبەریەك هەڵوەشاند ودەوڵەتی بەمانای فراوانی ووشەکە هەڵوەشاندەوە. ئێستا ئاکامەکانی ئەم جەنگە ناڕەوایە کە بەر لە ڕوودانی ئێمە پێشبینیمان دەکرد وتەواوی توانامان خستە گەڕ بۆ ڕوونەدانی, کۆمەڵگەی عێراق لەلایەن سێ هێزی کۆنەپەرستەوە کە خۆیان بەشێکن لە سیناریۆی ڕەشی ژیانی کۆمەڵگەی عێراق پاوان کراوە. خوارووی عێراق ئیسلامی شیعەی سەر بە جمهوری ئیسلامی ئێران, ناوەراست بە کردەوە لەژێر کۆنترۆڵی ئیسلامی بن لادنییدایە, کوردستانیش ئەحزابی قەومی پرۆئەمریکایی. سیناریۆی هەڵبژاردن شتێك نەبوو جگە لەسەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی شیعەو ڕەسمیەت پێدانی وەك هێزێکی قانوونی کە هەقی ئەوەی هەیە بەشێکی سەرەکی بێت لە دەوڵەتدا ئەگەر پێك بێت, پێداگری جمهوری ئیسلامی لەسەر سازدانی هەڵبژاردن و ناردنی پیرۆزبایی بەبۆنەی هەڵبژاردنەوە لە خۆەوە نیە!.

بەپێچەوانەی خەیاڵپەردازانی ڕۆشنبیرانی ناسیونالیستی پرۆ ئەمریکاوە, سیناریۆی هەڵبژاردن, کەوەك مژدەیەك دوای 35 ساڵ بەخەڵکی عێراقیان دەدا, بۆ دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا مەیدانێکی تری جەنگ بوو لەگەڵ ئیسلامی سیاسی,کە ئاراستەکەی ڕووی لە نەیارانی ئەوروپاییەتی کە بە جەنگ ناڕازی بوون,هاوکات خۆراکێکیش بوو بۆ بێ دەنگ کردنی کاتی خەڵکی ناڕازی ئەمریکا کە هەر ڕۆژە پۆلێك لە لاشەی لە کیسە نراوی ڕۆڵەکانیان, کەلەدوای جەنگی ڤیەتنام بێ وێنەیە,دەگاتەوە دەستیان. دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لە دوای کردەوەیەکی سەربازی و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس, ئیسلامی سیاسی لە ئاکامی تراژیدیایەکدا کە جەنگ بەسەر خەڵکی عێراقدا سەپاندوویەتی,پشتیان ڕاستکردۆتەوە وبەکردەوە بەرەیەکی ئەسڵی جەنگی جیهانی تیرۆریستەکانن. بەم پێیە ئەمریکا لەنێو زەلکاوێکدا گیری خواردووەو بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ جڵەوی وەزعیەتی سیاسی عێراق بگرێتەوە. سیناریۆی هەڵبژاردن مانۆڕێکە کەزۆرتر لایەنی سیاسی وقانوونی نێو دەوڵەتی هەیە بۆ ئەمریکا,تا لەڕێگایەوە بە ئەورووپاو خەڵکی دنیا بڵێ ئەوەتا دوای 35 ساڵ نەبوونی هەڵبژاردن لە عێراقدا ,ئەوەتا پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراقدا شکڵ دەگرێت. بۆ ئەمەش پێویستیان بە پەنجەمۆری خەڵك هەبوو.بۆیە ئەگەر زۆر کەمتریش لەو ڕادەیە لەخەڵك بەشداری سیناریۆی هەلبژاردنیان بکردایە,دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا ئەم سیاریۆیەی هەر بەڕێوە دەبرد. بەڵام ئەوکات لەهەلومەرجێکی زۆر لەمەی ئێستا خراپتر بۆ ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی سیاسی خۆی قەراری دەگرت و قەڵەم بەدەستانی پرۆ ئەمریکایی جورئەتیان نەدەبوو ناوی بهێنن و زیاتر دەبووە مەهزەلە. بەڕواڵەت فەڕەنسا وئەڵمانیا و ڕووسیا برووسکەی پیرۆزباییان بۆ کۆشکی سپی نارد, ئەمەش ئامانجێکی سەرەکی سیناریۆکە بوو.

***ئاکامەکانی سیناریۆی هەڵبژاردن لەسەر وەزعیەتی ژیانی خەڵك:***

***عـیـّراق :***

من پێشتر ووتم کە ئاکامی واقعی جەنگی تیرۆریستی ئەمریکا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی, کۆمەڵگای عێراقی لەبەریەك هەڵوەشاندووەو گەورەترین هێزو توانای کردووە بە گیانی بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامیدا,کە ئەمریکا خۆشی بەدەستیەوە گیری خواردووە. چ بەوانەوە کە لەنێو نەخشەی ئەمریکادان ,چ ئەو بەشەی کە لەگەڵ ئەمریکادا لە جەنگدایە. کۆمەڵگە سەرباری داگیرکاریەکەی لەلایەن هێزە سەربازیەکانی ئەمریکاوە, بەکردەوە ئێستا جانەوەرانی ئیسلامی لەهەموو جێگایەك تیایدا دەسەڵاتدارن, تیرۆرو تۆقاندن وتەقینەوە وئینسان دزین وپارچەپارچەکردنی ونائەمنیان کردۆتە قانوون وسیمای هەموو ڕۆژەی ژیانی خەڵك. سیناریۆی هەڵبژاردن تەنیا قانوونیەت و ڕەسمیەتی دا بەم باندانەو ئەگەر کێشمەکێش وململانێی ئەم هێزانە لەسەر دەسەڵات بوار بدات حکومەتێك پێکەوە بنێن, دەبێت بە حکومەتی بە ئەنجام گەیاندنی هەر ئەو کردەوانەی کە نزیك بە دووساڵە لەسەر ژیانی خەڵکی بەڕێوەی دەبەن. ئەم هێزانە خۆیان زادەی ئاکامەکانی جەنگن وبەشێکن لە سیناریۆی ڕەشی ئێستای ژیانی خەڵك,ئەمانە هەر ئێستا کەمەری بەمین چێنراویان بۆ ئەوە بەستووە کە ئامادەن لە پێناو بەشی خۆیاندا لە دەسەڵاتی سیاسیدا کۆمەڵگا ئەوەندە تر نابووت بکەن. جەنابی سیستانی هەر لەیەکەم ڕۆژی دوای سیناریۆی هەڵبژاردنەوە ڕایگەیاند کە دەبێ سەرچاوەی تەواوی قانوونەکانی عێراق تەنیا دینی ئیسلام بێت, ئەم ئەسڵەش قابیلی موناقەشە نیەو بەپێچەوانەوە کۆمەڵگا لەگەڵ هەلومەرجێك بەرەو ڕوو دەبێت کە ئێمە مەسئولیەتەکەی هەڵناگرین!. ئەم هەڕەشە ئاشکراو ڕۆشنە هەڕەشەی باندێکی سەر بە جمهوری ئیسلامیە کە بەپێی هەواڵە سەرەتاییەکانی تا ئێستای فەرزی دەنگەکان هێزی یەکەمن !!.

بۆیە دوای سیناریۆی گاڵتەجاڕانەی هەڵبژاردن نەك هەر بەو زووانە دامەزراندنی حکومەتێکی موتەمەرکیز (سەربەخۆ لەناوەڕۆکەکەی) چاوەڕوان ناکرێ. بەڵکو لەسەر بناغەی پێناسەیەك کە بەباڵای عێراقیان گرتووە ( عێراقێکی قەومی, دینی, تایەفەیی) ,ئێستا بەکردەوە هەموو ئەو هێزانە بەرامبەر بەیەك وەستاوون وهەر یەکەیان بەزۆری چەك ناوچەیەکیان بۆ خۆیان پاوان کردووە. پێکدادانی ئەم هێزە قەومی و دینی وتایەفەییانە کە ئێستا پریشکەکانی دەبینین لێرە بە دوا هەرچی توندتر دەبێتەوەو ئینسانیەت بە دووبارە بوونەوەی تراژیدیای ئینسانی گەورەتر لە عێراقدا پێکدادان وتراژیدیاکانی سرب و کۆرواتی یوگسلافیای جارانی لەبیر دەچێتەوە. ئەگەر بەرەی ئینسانیەت وپێشکەوتخوازی کۆمەڵگا بە پشتیوانی ئازادیخوازانی دنیا فریای کۆمەڵگا نەکەون.

ئەوە لێکدانەوەیەکی زۆر منداڵانەیە ئەگەر کەسێك پێی وابێت دوای سیناریۆی هەڵبژاردن,هێزە دەرگیرەکانی عێراق دەچنە چوارچێوەی حکومەتێکەوەو کۆتایی بەمەسەلەی بۆشایی دەسەلاَت دێت!. ئەم هێزانە لەکەمترین ئینسجام بەهرەمەند نین وهەر یەیەکەیان لەسەر بناغەی قەوم ودین وتایەفە لەبەرامبەر یەکدا خۆیان پێناسەکردووە. یەکێتی وپارتی کە هەردووکیان دوو حزبی یەك بزووتنەوەی کۆمەلاَیەتین و ئینسان سەختە جیاوازیەکانی نێوانیان وەك دوو حزب تێبگات,لەسەر دەسەلاَتدارەتیان لە کوردستان 4 ساڵ جەنگی ناوخۆیان بەڕێوەبردو نزیکەی 5 هەزار ئینسانی کوردستانیان کردە قوربانی شەڕی دەسەلاَتیان. ئێستا دەستەوتاقمی شیعەو سووننە و قەومی چۆن دەکرێنە کاسەیەکە؟!!.

جێگری سەرۆکی ئەمریکا چەند ڕۆژ دوای سیناریۆی هەڵبژاردن تەواوی قسە فریوکارانەکانی ئەحزابی پرۆئەمریکایی بەدرۆ خستەوەو ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی تا بەئەنجام گەیاندنی کارەکانیان کە بۆی هاتوون خاکی عێراق بەجێ ناهێڵن!.

پێم وانیە دوای نزیکەی بە دووساڵ لە داگیرکاری عێراق لەلایەن هێزە سەربازیەکانی ئەمریکاوە وئاکامێك کە لێی کەوتەوە,ئێستا کەسێك گومانێکی لەوە مابێتەوە کەبەر لە ڕوودانی جەنگ ئێمە هوشداری ئاکامە مەترسیدارەکانیمان داو ووتمان: تیرۆریزمی ئەمریکا تەنیا دەتوانێ تیرۆریزمی ئیسلامی بەرهەم بێنێت. بۆیە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بۆ ئایندەیەکی نادیار وەك دیك چینی ڕایگەیاند, یەعنی بەرهەمهێنانەوەی ئیستیراتیژی ئیسلامی سیاسی بۆ ئایندەیەکی نادیار. وەزعیەتی سیاسی ئێستای عێراقیش تەنیا پێکدادانی ئەم دوو بەرەیەیە کە کۆمەڵگای بەم ئاستە مەترسیدارەی ئێستا گەیاندووە.

ئەگەر قەرار بێت کۆمەڵگا بخرێتەوە سەر ڕەواڵی ئاسایی خۆی ولەم زەلکاوە ئێستا دەربهێنرێ, نەك هەر بەم هێزانە ناکرێ وناتوانێ جێگادەستێکی ئەمانەی پێوە بێت, بەڵکو خستنەوە سەر پێی کۆمەڵگا بۆ سەر پێگەی خۆی وگێڕانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەڵگەی عێراق لەگرەوەی کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو دەستکۆتاکردنی ئەم باندە ڕەشانەدایە.

<u>***کـوردســـتان :***</u>

من لەسەر ئەو بڕوایەم کە ناسیونالیزمی کورد بە دیاریکراوی یەکێتی وپارتی وهەموو ئەو شایی ولۆغانانەش کە ئەندامان وکادرانی ئەوان,یان کەسانێك کە بە بانگەوازی ئەوان هەڵپەڕین, لەزەماوەندی دۆڕاندن وکلاَونانە سەری خۆیاندا بەشداریان کرد.هەر چەندە من باوەڕم وا نیە کە بەدوای سیناریۆی هەڵبژاردندا هەموو شت تەواو بووبێت. بەلاَم خەڵکی کوردستان وتەنانەت یەکێتی و پارتیش لەم هەڵبژاردنەدا بە پێچەوانەی ئەوەوە کەدەیان ووت نەك هەر ئایندەیەیان بەدەست نەهێناو دەستکەوتێکی تر نەچووە سەر ئەوەی کە تا ئێستا بوویانە, بەڵکو زۆرێك لەوەی کە بە دەستیانەوە بوو بەدەستی خۆیان وبە پەنجەمۆری خۆیان دایاننا.

ئەوە بۆ هەموو کەسێك ئاشکرایە کە کوردستانی عێراق بەهۆی هەلومەجێکی سیاسی نێو دەوڵەتی تایبەتەوە 14 ساڵ بوو بە شێوەیەکی دوولایەنە سەربەخۆ بوو. سەرباری سەرگەردانی و بەڕەسمیەت نەناسینی نێو دەوڵەتی کوردستان لە جوگرافیایی سیاسی دنیادا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ و مانەوەی ژیانی چەندین ملیۆن ئینسان بە هەڵواسراوی, سەرباری دەسەلاَتدارەتی یەکێتی وپارتی و دڵەڕاوکەی هەڕەشەی هەموو ڕۆژەی گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس بۆ کوردستان, سەرباری ڕەواج پەیداکردنی بێ وێنەترین دەسەلاَتی ڕەشوەخۆری و دزی و ڕاوو ڕووت و فەسادی ئیداری یەکێتی وپارتی , سەرباری جەنگی ناوخۆی ئەم دوو حزبەو بەکوشتدانی هەزاران ئینسانی بێ تاوان, سەرباری هەموو ئەمانە4 1ساڵی ڕابردوو کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی دوولایەنە سەربەخۆ بوو. ئێستا ئەگەر پێوانە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوواییەی عێراق بێت, ئەوا یەکێتی وپارتی ئاگاهانە یان نا ئاگاهانە دۆڕاندیان, دەسەلاَتی ئێستایان لەدەستداو بەناچار دەچنەوە ژێر ڕکێفی دەسەلاَتی مەرکەز کە خۆیان لە دەستوورەکەیاندا نووسیوویانە عێراق وولاَتێکی قەومی عەرەبی ئیسلامی تایەفەیی عەشیرەتیە. لێرە بەدوا دەبێ دەسەلاَتیان لەگەڵ جەنابی سیستانی و عەلاویدا کە قورسایی گەورەیان دەبێت لە دەسەلاَتدارەتی سەراسەری عێراقدا دابەش بکەن.

تا ئەو جێگایەی بە خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە, کە هەمیشە قازانج وبەرژەوەندیان لەگەڵ قازانج وبەرژەوەندی یەکێتی وپارتیدا پێچەوانەی یەکتر بووە. ئەگەر وەك دەڵێن دوای هەڵبژاردن حکومەتێکی هەڵبژێردراو ومتمرکز ی سەقامگیر پێك دێت, ئەوا بەهۆی سیاسەتی یەکێتی وپارتی یەوەو بەبێ ئەوەی لە هیچ ڕاپرسیەکدا پرس بەخەڵکی کوردستان بکەن, کوردستانیان بەشێوەیەکی ئیجباری لکاندەوە بە عێراقێکی قەومی ودینیەوە, دوای 14ساڵ جارێکی تر هاوولاَتی پلەدووییان کردەوە بەری خەڵکی کوردستان وکێشەو زوڵمی قەومیان لەسەر خەڵکی کوردستان وەکو خۆی هێشتەوە.بەپێی قانوون ودەستوورێك کە یەکێتی وپارتی ئیمزایان کردووە و توانیان پەنجەمۆری ڕێژەیەك لە خەڵکی کوردستانیشی بۆ وەربگرن,لێرە بەدوا خواستی سەربەخۆیی کوردستان بەکردەوە لەخەڵکی کوردستان قەدەغە دەبێت, و یەکێتی وپارتیش لەمەرکەزەوە وەزیفەیان بەڕێوەبردنی ئەو قەدەغەکردنە دەبێت.

بەلاَم دیارە وەزعیەتی سیاسی عێراق وکوردستان وخواستی ئینسانەکان و جێگاو ڕێگای بزووتنەوە کۆمەلاَیەتیەکان و حزبەکانیان تەختەیەکی دامە نیە,جولاَندنی داشێکی وەك سیناریۆی پووچی هەڵبژاردن ,هەموو هاوکێشەکان پێناسە بکات بە ئارەزووی خاوەنەکەی. بەواتایەکی تر, لەگەڵ داخستنی دەرگاکانی سندقەکانی سیناریۆی هەڵبژاردن,دەرگای وەزعیەتی سیاسی عێراق بەرەو باشتر یان خراپتر, نەك هەر داناخرێ ,بەڵکو

چەندین دەرگای ڕووبەڕووبوونەوەی گەرم لەسەر چاەنووسی کۆمەڵگا دەخاتە سەرپشت,بەلاّم ئەوەش ڕاستە کە خەڵکی بە خواردنی فریوّی سیناریوّی هەڵبژاردن هەنگاویّك هاتوونەتە دواوەو سەنگەریّکیان پیّ چوّڵ کراوە.
گرتنەوەی سەنگەرەکان وپیّشرەوی لە ڕاستای یەکگرتوو کردنی خەڵکی عیّراق لە دەوری ڕیّکخراوی گیّرانەوەی مەدەنیەت بوّ کوّمەڵگای عیّراق وکردنەدەرەوەی هیّزە داگیرکەرەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ودەستکوّتاکردنی جرجانەوەری تیروّریزمی ئیسلامی لەسەر ژیانی خەڵك,بەهیّزی جەماوەری ئازادیخواز و تینو بوّ ئازادی ورزگار بوون لەسیناریوّی ڕەشی ئیّستا, سەرەکیترین ئەولەویەتی ئیّمەیە لە عیّراقدا.
تا ئەوجیّگایەی بە کوردستانیش دەگەڕیّتەوە. دوای بەڕیّوەبردنی سیناریوّی هەڵبژاردن نەك هەر خواستی سازدانی ڕیفراندوّم وسەربەخوّیی کوردستان کاڵ نابیّتەوە,بەڵکو بەهوّی ڕەنگدانەوەی خیّرای کاریگەریە زیانبارەکانی سیناریوّی هەڵبژاردن لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان, بەخیّرایی خواستی سەربەخوّیی کوردستان بەهیّزیّکی زیاترەوە دیّتە مەیدان. یەکگرتووکردن وڕیّکخراوکردنی خواستی ئینسانی خەڵکی کوردستان بوّ سەربەخوّیی کوّمەڵگەکەیان لە ڕیّکخراویّکی جەماوەری گەورەدا کە بتوانیّ ئەو ئوّردووە ئینسانیە گەورەیە ڕیّکبخات ونویّنەرایەتی بکات,سەرەکیترین ئەولەویەتی ئیّمەیە لە کوردستان. سیمای سیاسی لیّرە بەدوای کوردستان کیّشمەکیّشی بزووتەوەی خواستی سەربەخوّیی کوردستان دەبیّت لەگەڵ دەسەلاّتی یەکیّتی وپارتی.

2005/ 2 /12